سەباح نوعمان: هەرشکردنە سەر بایەزخانەی ئەمریکا لە بەغدا کردەوەیەکی تیرۆریستییە



گوتەبژی فەرماندەی گشتیی هێزە چەکدارەکانی عێراق رایگەیاند، هەرشکردنە سەر بایەزخانەی ئەمریکا لە بەغدا لەلایەن گرووپە لەیاسادەرچووەکانەوە، کردەوەیەکی تیرۆریستییە و پشێلکارییەکی مەترسیدارە. هاوکات ئاشکرای دەکات کە محەممەد شیاع سوودانی فەرمانی بە دژگا ئەمنییەکان داوە بۆ دەستگیرکردنی ئەنجامدەرانی ئەو هەرشە و ڕاپێچکردنیان بۆ بەردەم دادگا.

ڕۆژی سێشەممە 17ـی ئاداری 2026، سەباح نوعمان، گوتەبژی فەرماندەی گشتیی هێزە چەکدارەکانی عێراق، لە ڕاگەیەندراوەکەی فەرمیدا باوەی کردەوە: "جارێکی دیکە گرووپە لەیاسادەرچووەکان هەرشە تاوانکارییەکانیان دووبارە کردەوە بۆئامانجگرتنی بارەگای بایەزخانەی ئەمریکا لە پایتەختی بەغدا لە ئێوارەی ئەمڕۆدا."

لە ڕاگەیەندراوەکەدا هاتووە کە ئەم کردەوە تاوانکارییە سەرکەنە دەکەین و ڕەت دەکرێتەوە، و بە دەستدرێژییەکی ئاشکرای تیرۆریستی بە سەر سەروەری و شکۆی عێراق وەسف کراوە.

گوتەبژی فەرماندەی گشتیی هێزە چەکدارەکان هۆشداری دەدات و دەڵێت: "بەئامانجگرتنی بارەگای نەردە دیپلۆماسییەکان، وەک کارێکی نابەرپرسانە، پێشێلکارییەکی مەترسیداری ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکان و پەیوەندییە دیپلۆماسییەکانە، و عێراق لەبەردەم کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا دەخاتە دۆخێکی شەرمەزارکەرەوە، کە ڕەنگە پاشنەر بێت بۆ گرتنبەری ڕووشوێنێک کە هێشتا لە بەرژەوەندییەکانی نیشتمان و گەلەکەمان بکات."

لە بەشێکی دیکەی ڕاگەیەندراوەکەدا هاتووە، دوابەدوای ئەم هێرشە، محەممەد شیاع سوودانی، فەرماندەی گشتیی هێزە چەکدارەکان، فەرمانگەکانی بە دەزگا ئەمنییەکان و لایەنە پەیوەندیدارەکان دووپات کردووەتەوە کە بە هیچ شێوەیەک کەمتەرخەمی نەکەن لە بەدواداچوون و ڕاوەدوونانی تاوانباران و ڕاپێچکردنیان بۆ بەردەم دادگا بۆ ئەوەی سزای ڕەوای خۆیان وەربگرن.

لە کۆتاییدا سەباح نوعمان جێختی لەوە کردووەتەوە: "هیچ دووڵی و پاشکشێیەک نابێت لە ڕووبەڕووبوونەوەی هەر لایەنێک کە هەوڵی تێکدانی ئاسایشی پایتەخت و شارەکانی دیکەی عێراق بدات، یان چەک لە دژەوەی چوارچێوەی دەوڵەت بەکار بهێنێت."